# ڕاگەیاندنی تورکیامان چۆن بینی؟

چنار نامق- تورکیا

لە میانی سەردانماندا وەک شاندێکی ڕۆژنامەنووسانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردستان بۆ کۆماری تورکیا بە مەبەستی ئاڵۆگۆڕ کردنی زانیاری لە بواری ڕاگەیاندندا، لە گەشتەکەماندا جگە لە جوانی شارەکان(جگە لە شارە کوردییەکان کە فەرامۆشیان پێوە دیارە) دەتوانین جوانی سروشت و شارستانی ئەو وڵاتە بەرز بنرخێنین ، هەڵبەتە ئەم گەشتە بەلای ئێمەی ئەندامانی شاندەکە شتێکی نوێ بوو، چونکە یەکەمین جارە سەردانی وڵاتێکی وەک تورکیا بکەین کە یەکێکە لە وڵاتە هاوسنوورەکانمان، گرفتی ڕۆژنامەنووسی کورد لەوەدایە، ڕەنگە هەندێکیان لە کوردستاندا لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی دیکە نەچووبن لە کاتێکدا پیشەی ڕۆژنامەوانی وا دەخوازێت کە ڕۆژنامەنووس بە بەردەوامی بگەڕێت، بۆ شارەزابوون لە سیستمی جیهان و دنیای ڕۆژنامەگەری لە دەرەوە بە مەبەستی پەیداکردنی زانیاری، لە دورترین کیشوەری جیهانەوە ڕۆژنامەنووسان بێ ڕچاوکردنی سنوورەکان ڕوو دەکەنە تەواوی وڵاتان، کەچی ئێمە لە ئاژانسێکی وەکو ڕیتەر زۆرجار هەواڵەکانی ناوخۆی عێراق وەردەگرین بێگومان ئەم سیستمە پێویستی بە چاوپێداخشانەوە هەیە، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسی کوردیش وەک ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ بتوانن لەو مەیدانەدا جێی پەنجەی خۆیان دیاری بکەن لە میانی ئەو گەشتەدا زۆرێک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنمان بینی هەر لە ئاژانس دەنگ وباس و تەلەفزیون و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤارمان بەسەر کردەوە و هەندێک لەو زانیارییانە بۆ نموونە باس دەکەم کە دەکرێت وەک ئەزموونێک لێی سوودمەند بین.

*** ڕاگەیاندن**

ڕاگەیاندنی تورکی لەگەڵ ئەوەیدا کە زەمینە و نەفەسێکی ئازادی و کرانەوەی تێدایە بەڵام ئەوەندەی تێبینیم کردبێت لە و نێوندەدا دوو هێڵی سوور هەیە کە ناتوانیت لێی نزیک ببیتەوە

**یەکەمیان:** مەسەلەی پیرۆزی دەوڵەت و سەرانی دەوڵەت و ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتەیە

**دووەمیان:** (کەترسناکە) ناسینی کورد و باسکردنی دۆزەکەیەتی بەڕادەیەک تاکو ئەمڕۆش لە دەستووری وڵاتی یەک نەتەوە دەناسێت کە ئەویش تورکە بەبێ ئەوەی پتر لە (٢٠)ملیۆن کورد لەو وڵاتەدا بناسرێت و سادەترین مافی سروشتی دین ڕەوا ببینرێت کە خوێندن و ئاخاڤتنە بە زمانی دایک، بە ڕادەیەک




دەمارگیرن بەرامبەر ئەو مەسەلەیە ئامادە نەبوون کوردستان وەک هەرێمێکی بە یاسایی و دەستووری ناسراو بناسن، هەر بۆیە ئەو وەرگێڕەی بۆیان دانابووین بە عەرەبی دەئاخافت.

بێگومان پێویستە و لەگەڵ ئەوەدام کە ڕێز لە پیرۆزییەکان بگیرێت و پرەنسیبی هاونشتیمانی بوون شوناسی ئینتیما بێت ئەمە وێڕای ئەرکی هەرتاکێک لە کۆمەڵدا لەبەرامبەر پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی وڵات و دەکرێت ئەو کەلتوورە کە لەناو زۆر لە گەلانی دنیادا هەیە لە لای ئێمەش پەیرەو بکرێت ئەمە وێرای هەبوونی پلۆرالیزم و هەبوونی زەمینیەی ئازادی زمان و کلتوور و تەواوی ئازادییە تاکە کەسییەکان، ڕاگەیاندن لە تورکیادا لە نێوان دوالیزمی دەوڵەت- کەرتی تایبەت دایە بۆ نموونە لە تورکیادا:

**بڵاوکراوە**

٢٢٤٥ بڵاوکراوە لەسەر ئاستی تورکیادا دەردەچێت لەوانە:

* ٤٠ ڕۆژنامە نیشتمانی

* ٢٣ ڕۆژنامەی ناوخۆیی

* ١٠١٩بڵاوکراوەی جۆربەجۆر و هتد...




تەلەفزیۆن
* ۲۹۰کەناڵی تەلەفزیۆنی لەوانەش
* ۳٦ کەناڵی نیشتمانی

**کەناڵی رادیۆیی:**
* ۱۱۳۹ کەناڵی رادیۆیی لە تورکیادا پەخشی هەیە

پێگەیاندنی کادری راگەیاندن
چۆنییەتی پێگەیاندنی کادری راگەیاندن لە تورکیا لە رێگەی کۆلێژ و پەیمانگا و خولی جۆراوجۆرە وە بەڕێوە دەچێت.
لە ساڵی ۱۹٥۰پەیمانگای رۆژنامەنوسان دامەزراوە
لە ساڵی ۱۹٦٥یەکەمین کۆلێژ لە بواری راگەیاندندا کرایەوە بە پشتگیری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یونسکۆ بەتایبەتی لە بواری تەلەفزیۆن ئێران و تورکیا و میسر نوێەرەی ئەو وڵاتانە بوون کە ئەم کۆمەکەی رێکخراوی یونسکۆ گرتنیەوە بە مەبەستی ئامادەکردنی کادری پێشکەوتوو لەبواری رۆژنامەوانی هەرچەندە ساڵی ۱۸۳۱یەکەم رۆژنامە لەسەردەمی عوسمانییەکاندا بڵاو کرایەوە و لە ساڵی ۱۹٦٤یەکەم پەخشی تەلەفزیۆنی بڵاو بووەوە مەشق پێکردنی رۆژنامەنوسان لەم کۆلیژەدا بەشێکە لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری:
* فێربوونی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی
* فێربوونی هونەری لە بواری رامیاری و ئابووری
* فێربوونی بواری یاسا
یەکێک لەو بنەما سەرەکییانەی دەزگاکان گرنگی پێدەدەن پێویستە رۆژنامەنووس لە کۆمەڵگە بگات تاکو بتوانێ کۆمەڵگە تێبگەیێنێت
بەشەکانی کۆلیژی گەیاندن بریتین لە:
* رۆژنامەگەری
* رادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما
* پەیوەندییە گشتییەکان و بواری ناساندن
لە کۆی (۷۷)زانکۆ لە تورکیادا(۲٦)کۆلیژی راگەیاندن هەیە و ساڵانە(۱٥۰۰-۳۰۰۰) قوتابی پێدەگەیێت و لەمانەش تەنیا هەلی کارکردن بۆ ۱۰٪یان دەرەخسێت .

**مافەکانی رۆژنامەنوس**
جێی سەرنج و بایەخ کاتێک دەسەڵات بە بایەخەوە دەروانێتە کاری رۆژنامەوانی تورکیاش وەک زۆربەی وڵاتانی جیهان تەواوی مافی رۆژنامەوانی دابین کردووە و ئێستا لە تورکیا (۸۲۰۰)رۆژنامەنوس کاری رۆژنامەوانیان هەیە و دەتوانن سوود لە تەواوی خزمەتگوزارییەکان بە کەمترین نرخ و لە هەندێ جێگەشدا بێ بەرامبەر وەربگرن، وێرای ئەمەش بەخشیشی هاندان دەدرێت بە چاکترین هەواڵ یاخود وێنە یا راپۆرت و رێپورتاژ و هەموو بەشەکانی دیکەی بوارەکە بە مەبەستی هاندانی رۆژنامەنووس و بەرە و پێشەوەچوونی لە بواری کارەکەیدا

**ریکلام وەک کەرەسەیەکی بازرگانی**
هەندێ لە رۆژنامەکان وەکو رۆژنامەی "حرية"سەرچاوەی داهاتی

لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕیکلامەوەیە و ئامارەکان وا دەردەخەن لە (٦٠-١٠٠) هەزار دۆلار بەدەست دەهێنێت، بەم پێیە خەرجییەکانی چاپ و موچەی کارمەندان دابین دەکات هەروەها نرخی یەک چرکە ڕیکلام لە تەلەفزیۆندا(٨٠٠)دۆلارە بەشێوەیەکی گشتی.

**دوا نیگا**

لەمەودای مانەوەمان لە ئەستەمبوڵ لە ئۆتێلی(Pere Palas) دیاردەیەک بووە مایەی سەرنج و تێبینیم، ئەویش ئەوە بوو کە گەلان چۆن گرنگی و بایەخ بە کلتوور و فەرهەنگ و یادگارییەکانیان دەدەن تاکو




ئەمڕۆش ژوورێکی تایبەتییان تەرخان کردووە بۆ نووسەری ناودار ئەگاتاکریستی AGATHA CHRISTIE و خەڵکی وەکو مۆزەخانەیەک سەردانی دەکات ئەوە جێی سەرنج بوو هێشتا کتێبخانەکەی لەو ژوورەدا کلۆم درابوو بە مەبەستی پاراستنی یادگاری ئەو ڕۆژانەی کە لەوێدا دەمایەوە، ئەم ئوتێلە جگە لەوە جێی حەوانەوەیە دەکرێت وەکو مۆزەخانە و پاشماوەیەکی شارستانی ئەو وڵاتە تەماشا بکرێت.